www.kurdistannet.org
29-8-2006 15:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەر ... ستیڤان شەمزینانی

(ئەگەر رۆژێك لەرۆژان سپییەكان لەخۆیان بپرسن، چۆن رەش پێستەكانتان ئافراندووە؟ ئەوسا تێكڕای شت لەئەمریكادا دەگۆڕێت)
جێمس بالدوین

ئەگەر رۆژێك بەرپرسەكانی ئێمە سەریان بۆ خواری نەویكردباو سەیری بریقەی قۆنەرەكانی پێیان بكردایە، رەنگبی ژیانی ئەو مرۆڤگەلانەیان بدیبا لەشانی پێڵاوەكانیانەوە لەتەك هەژاریی و پەژارەدا ژیان دەكەن.

ئەگەر رۆژێك لەرۆژان دەنكە گەوهەرو مرواری گەردنی ژنە بەرپرسێك بكەوتبایەتە سەر زەوی، بۆئەو جارە چاوێكی لەخوارەوە بكردایە و وەك ناپلیۆن هەمیشە چاویان لەئاسمان نەبڕیبا ئەوسا دەیانزانی دەستفرۆش و زەبوون و دەرۆزەكەرەكانی شاریش هەروەك ئەوان مرۆڤن.

ئەگەر بۆ تەنیایەك رۆژیش پیاوە خواپێداوەكانی ئەم وڵاتە دۆزەخییەوە دەستبەرداری خولیاكانی لویسی شانزە بهاتنایە و كۆشك و كەیف و سەمایان بۆ نێوبازاڕو كەلاوە رووخاوەكان جێهشتبا، لەوانەیە كەمێك بیانزانیبا خەمی نان چییە؟ زاراوەكانی نەداریی و حەسرەتی ژیان دەچۆیە نێو قامووسی ژیانیانەوە كە پڕپڕە لەوشەكانی شادیی و سەماو هەڵپەرکی و پارەو بلۆكە دۆلار و باخچەو دۆنمە زەوی و ریزە دوكان و كۆمپانیاو جەواز و مەی...

ئەگەر رۆژێك لەرۆژەكان وەزیرو گزیرو هاوشێوەكانیان لەبەردەم ئاوێنەیەكی گەورەدا بە رووت و قووتی لەخۆیان بڕوانیبایە و جیاوازییەكانی خۆیان لەگەڵ ئەو جەماوەرە كلۆڵەدا بژماردایە، ئەوسا سی ساڵ هاتوچۆی پرسگەكانیانمان نەدەكرد و لەجامی رەشی مۆنیكاكانیانەوە وەك ئاژەڵ و مێروو لەو هەموو مرۆڤە رەش و رووتەیان نەدەڕوانی.

ئەگەر سەرو ریشە چڵكنە شەیتان ئاساكەی سەددام و خۆپیسكردنی عەلی كیمیایی وانەیەكی بۆ خەڵكانی دی تیابوایە نەدەبوو ئەم عەنتەرانەی لای خۆمان هەڕەشەی دەست شكاندن و ئەسەتۆ وردكردن بكەن وبەگوللە پێشوازیی لەرێپێوان بكەن و بەتەهدید و دادگای زەردو یاسای بەعس وەڵامی نووسەر بدەنەوە.

ئەگەر هەرەسی دوێنێی سۆڤێت و شەق تێهەڵدان لەپەیكەرەكەی لینین عیبرەتێكی تێدابوایە چ پێویستی دەكرد پارتەكانی لەمەڕخۆمان بەخەباتی دوێنێ و سەرووەرییەكانی ئەوی رۆژی دەمكوتمان بكەن و بەتریاكی نەتەوایەتی و گیانی كوردایەتی بی هۆشمان بكەن، ئاخر نازانن ئەگەر هەژاریی گەیشتە قورقوراگە لینین بیت بە پیلەقە كاسكێكتی شۆرشگێڕیی لەسەرتدا دەدرن!.

ئەگەر بۆ رۆژێك ئەم هەموو وتارو رەخنەو گلەییانەی نێو رووپەڕی رۆژنامەكان مەسئولەكانی لەجنسی قاز ڕزگاربكردایە دەبوو تەڕو شەرمەزار بوونایە هونەرمەندانێكی هەست ناسك لە برسا ببنە مافیا و بازرگانی ماددەی بێهۆشكەر.

ئەگەر بۆیەك تاكەشەو كاكی پۆز زلی ژەنەراڵ و كاربەدەست لەتەپكە قوڕێكی بەناوماڵی باداوەو كورانی عەینكاوە رۆژیان بكردایەتەوە زۆرشت دەگۆڕا، هەر هیچ نەبوایە كاغەزی ناڕەزایی و پێشنیار و داواكاریی حەواڵەی تەنەكە خۆڵەكان نەدەكران.

ئەگەر كچی بەرپرسێك یان كوڕی پەرلەمانتارێك رۆژانە بەپێ بچووایە بۆ زانكۆ و لەكافتریا لەفەی فەلافلیان بخواردبا ئەوە هەر نەبوایە كەمێك ژیانی ئەو لەشكرە گەنجە داماوو بەختە رەشە ئاوری لێدەدرایەوە.

ئەگەرماڵە تێروپڕەکانی سەربەدەسەڵات برنج و رۆنی بایەعیان بخواردبا ئەوسا دەیانزانی خەڵك لەپۆڵا دروست نەکراوە و دڵی لەبەرد نییەو هەناسەی گڕوهاواری دەنگی تەنەکەی ژەنگاویی نییە.
ئەگەر 24 سەعات ئاو و کارەبا لەماڵی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دوو زلحیزبەکە ببڕی هیچ نەبێت تۆزێك لەموعاناتی چوارملیۆن کورد تێدەگەن بەدەم ئازاری بی ئاویی و بی کارەبایی.
ئەگەر بەڕێوەبەرە زل زلەکان و دەسەڵاتدارە گومڕاکان سی رۆژ بەدوای خانووی کرێدا بگەڕانایە خودا میسقالە زەرەیەك بەزەیی دەخستە دڵیانەوە و وەك شوانێکی دڵڕەق ڕانەکەیان ئازار نەدەدا..
ئەگەر هەر بۆیەك رۆژیش بووە هەردوو سەرۆك سەیری باری ژیانی هاوڵاتیانیان بکردایەو یەك کاتژمێریش بەقووڵی و وردیی بیریان لێبکردایەتەوە ئەوسا لە کوردستان زۆرشت دەگۆڕا.. بەڵی هەموو شتێك دەگۆڕا.